***دەقی چاو پێکەوتنی هەفتەنامەی ( رزگاری )ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ( ئارام علی ) سەبارەت ئەوزاعی سیاسی عێراق و کوردستان و ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان...***

## *ئارام عەلی:* ڕیفراندۆم یەکێکە لە باشترین و کورتترین ڕێگاچارەیە بۆ وەڵامدانەوە بە ڕۆشنبوونەوەی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان

**بە کورتی,ئارام عەلی:جگە لەوەی نوسەر و رۆشنبیرێکی بە سەلیقەیە و لە بواری راگەیاندنیش دەورێکی باڵای هەیە,ئیستا بەڕێوەبەری ڕادیۆی هاوپشتی لە سوید ( www.hawpshti.com ) ڕادیۆی هاوپشتی ڕادیۆیەکە هەشت ساڵە بە زمانی کوردی بەرنامەکانی پەخش ئەکات. ئێستاکە یەکێکە لە سەرکەوتووترین ڕادیۆی کوردی لە دەرەوە.**

### *پرسیار*1/لە نێو نائارامی و نا سەقامگیری وەزعیەتی عێراقدا چۆن دەروانیتە ئایندەی کوردستان؟؟

**پرسیارەکەتان لە دەروازەی چەندین باسی رەوەندی سیاسی ئێستای کوردستان ئەدات. هەوڵ ئەدەم بتوانم وەڵامی مەبەستی پرسیارەکەی ئێوە ون نەکەم لەنێو باسەکانیتر. هەروەکو ئیشارەتان پێکرد وەزعیەتی ئەمرۆکەی عیراق نائارام و ناسەقامگیرە، لە چوارچێوەی هاوکێشەی ئەمرۆی نەخشەی دەسەڵاتی ئەو هێزانەی بە هێزی میلیشیای دەسەلاتیان لە عیراق بۆ خۆیان پاوانکردووە بە ناوی حکومەت، لەسەرووی هەموو ئەوانەش بوونی سوپای ئەمریکی وەک سوپایەکی داگیرکەر بەشێکی سەرەکی تاوانە گەورەکانی ئەمرۆی ئەم کۆمەڵگایە بەشێکە لە کارنامە و بەرنامەی سیاسی بوونی سوپا و سیاسەتی ئەمریکا لە پشتی دروستبوونی ئەو بار و وەزعە و هاوکێشەکانی ئەمرۆ ئایندەی سیاسی کۆمەڵگای عیراق تاریکتر ئەکات.**

**تاکو ئێستا کوردستان بەشێکی دانەبراوە لە هاوکێشەی سیاسی و وەزعیەتی عێراق و کێشەکانی. خۆشبەختانە باری ئارامی وەزعیەتی کوردستان باشترە لەو کوشتارگەیە ڕۆژانەیەی شەری تائفی و مەزهەبی شارەکانی عیراقی کردۆتە گۆماوی خوێن. ئەم وەزعیەت و کوشتارگایە تەنها تەسفیەکردنی خاڵە ناکۆکەکانی نێو هێزە سیاسیەکانی عێراق نێیە بەڵکو ئەو وەزعیەتە تەواوەن ئەو پرۆسەیەیە کە هێزەکانی نێو ( حکومەتی عێراقی ) لەسەری ڕێککەوتوون. ئەو وەزعیەتەی کە ئەمرۆکە جەستەی کۆمەلگای عێراقی نەزیف کردووە ئەو رێککەوتن و پرۆسەیە کە حکومەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە.**

**وەزعی ئێستای کوردستان لە وەزعیەتی عێراق ناسەقامگیرترە، تەنانەت پەیوەندی و مامەلەی دەوڵەتانی دراوسێش لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان هاوکێشەیەکی تایبەتترە. مانەوە و درێژەپێدانی ئەو ناسەقامگیریەش یەکێکە لە پێداویستیەکانی دەسەڵاتی کوردی. بەرژەوەندی و پاراستن و پێشگرتن بە ئاڵوگۆری ڕیشەیی لە کۆمەلگای کوردستان مەرجی هێشتنەوەیەتی لە لایەن دەسەڵاتی کوردی. وەزعیەتی کوردستان چەندە کارتێکە بۆ دەخالەت و فشار بەدەستی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، ئەوەندەش کارتێکی باشە بەدەست دەسەڵاتی کوردی لەبەرامبەر خەلک و داخوازییەکانی خەڵک و هەوڵی ئاڵوگۆری ڕیشەیی لەکۆملگای کوردستان. هەر هێزێکی جددی بەدوای ئاڵوگۆری ڕیشەیی بێت لە کۆمەگا ئەبێت بەبێ بەرنامەی ڕۆشن لەسەر یەکلاکردنەوەی چارەنووس و سەقامگیری کۆمەڵگای کوردستان، ناتوانێت هەنگاو هەلگرێ بۆ چکۆلەترین ریفۆرمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەکورتی ناسەقامگیری کوردستان کەلەپچەیەکە لەدەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە ڕێگرە لەردەم هەر هەوڵێک بۆ باشکردنی ژیان. بەبێ کۆتاییهینان بەم وەزعە و ڕۆشنکردنەوەی چارەنووسی سیاسی لە کوردستان، ئاڵوگری دەسەڵاتی سیاسی و سەقامگیربوونی کۆمەڵگای مەدەنی هەمیشە ئەبێتە پاشکۆی ڕوداوە تاڵ و کارەساتە دڵتەزێنەکان.**

### *پرسیار*2/ریفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان چەندە دەتوانێ بەر بەکوێرەوەری و کارەسات و نەهامەتیەکان بگرێت کە لە رابردوودا خەڵکی کوردستان دووچاری هاتوون؟؟

**سەرەتا ڕیفراندۆم بەدیلێک نییە بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردستان، ڕیفرندۆم بەرنامەی ژیانێکی باشتر نییە بۆ خەڵکی کوردستان. ڕیفراندۆم یەکێکە لە باشترین و کورترین هەوڵ و تێکۆشان و ڕێگاچارە بۆ وەڵامدانەوە بە ڕۆشنبوونەوەی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان. ڕیفراندۆم تێکۆشانە بۆ کۆتاییهێنان بە ترس و هەڕەشەکان لەسەر خەڵکی کوردستان. ڕیفراندۆم خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، کلیلی سحری کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی بەردەم کۆمەڵگای کوردی نییە بەتەنیا.**

ئەگەر بزووتنەوەی ڕیفراندۆم تەنیا بزوتنەوەیەکی مجرد بمێنێتەوە وەک ئەوەی تاکو ئێستا بووە. ئەو بزووتنەوەیە بێسەمەر ئەمێنێتەوە. ڕیفراندۆم بزووتنەوەیەکی مەدەنی خەڵکی کوردستانە بۆ گێرانەوەی ئیرادە و ئیعتمادی خەڵک بە خۆی. مەرجی خۆدەرخستن و جەماوەری بوونەوەی ئەو بزووتنەوەیە تێکەلبوون و گرێخواردنیەتی لەگەڵ بزوتنەوە مەدەنی و خواست و نارەزایەتیەکانی ئەمرۆی خەڵکی کوردستان. بەرای من بزوتنەوەی ڕیفراندۆم بەشێکی دانەبراوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزوتنەوەی مەدەنی و ویست و نارەزایەتی خەڵکی کوردستانە.

تا ئەو کاتەی گەنجان بێ ئومێد و سەرگەردان بن، ژنان لەسەر سەرەتایی ترین مافە فەردیەکانی خۆیان رۆژانە خەڵتانی خوێن بکرێن و لە چاوی کۆمەڵگاش رۆتین تەماشا بکرێت. تا ئەو کاتەی ژیان و حەقی ژیان سوکایەتی پێبکرێت، بنەما مەدەنیەکانی مافەکانی خەڵک بە سیستەمی گەندەڵی وەڵامبدرێتەوە. تا ئەو کاتەی عەدالەت وەک چەمکێکی ئەخلاقی بمێنێتەوە. بزوتنەوەی ڕیفراندۆم دەنگێکی بێ سەنگەرە. بۆیە بزوتنەوەی ڕیفراندۆم ئەبێت سەنگەرەکانی خۆی قایم بەدەستەوە بگرێت.

مەسەلەی سەرەکی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان، بەهێزکردنی سەنگەرەکانیەتی. ئەگەر بزوتنەوەی ڕیفراندۆم ئەوە سەنگەرەکان و پێکهاتەکەی بێت ئەوکاتە بۆ هەموو کەسێکیش ڕۆشنە کە ئەو پرۆسەیە هێزێکی گەورە ئەبەخشی بەخەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی چین و توێژە ستەمدیدەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئاڵوگۆری ڕیشەیی و نەهێشتنی کوێرەوەری و کارەساتەکانی ڕابردوو و ئیستای خەڵکی کوردستان. ئەگەرنا ئەکرێ پرۆسە و سیناریۆیەکی کۆمیدی لە چەشنی هەڵبژاردنەکانی عیراق و کوردستان دوبارە بکرێتەوە ناوی بنرێت ڕیفراندۆم. ئەمڕۆ ڕیفراندۆم لە کوردستان هاوسەنگی هێزی دەسەڵاتی کوردی و خەڵکی کوردستانە.

## *پرسیار*3/ لە رابردوودا وڵاتانی ناوچەکە و دەووروبەر رێگرییەکی سەرەکی بەردەم دورست بوونی جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوونە, لە رۆژگاری ئەمرۆ ئەو وڵاتانە چەندە دەتوانن ئەو دەورە ببینن؟

ئەوە رۆشنە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە ئەمرۆکەش هەمان نمایشی کۆنەپەرستانەی خۆیان ئەگێرن بۆ ئەو خواستەی خەڵکی کوردستان بۆ دروستکردنی مێژوویەکی تازە لە ژیانی کۆمەڵگا و خەڵکی کوردستان. بەڵام بزوتنەوەی ڕیفراندۆم لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان، بزوتنەوەیەک نییە بۆ خۆگونجاندن لەگەل نیاز و بەرژەوندی کۆنەپەرستانەی دەوڵەتانی ناوچەکە. بزوتنەوەی خەڵکی کوردستانە بۆ دەستکۆتا کردنی ئەوان لە هەڕەشەی رۆژانەی ئەوان بۆ سەر خەڵکی کوردستان.

بێگومان ئەو هەوڵ و شەڕ و ڕێگری و هەڕەشەیەی ئەو دەوڵەتانە لە ئیستاکەشدا رۆژانە ئەبینین و ئەبیستین و ئەو دەورە ئەگێڕن. بەبێ نەخشەی خەبات بۆ وەڵامدانەوە بەهەڕەشەکانی ئەو دەڵەتانەش، سەرکەوتنی جیابونەوەی کوردستان ئەستەمە.  بەڵام ڕێگری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەمرۆکەی بەردەم بزوتنەوەی جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خەڵکی کوردستان، دەسەڵاتی کوردی و حزبە دەسەڵاتدارەکانە. چونکە ئەوان بەرژەوەندی خۆیان بە تەواوی لەگەل بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان جیاکردۆتەوە. بەرژەوەندییەک کە ئەوان نوێنەرایەتی ئەکەن ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر بەرژەوەندی خەڵک وەستاوەتەوە. بە هەمان شێوە ئەمرۆکە خەڵکیش ئەوان بە نوێنەری بەرژەوەندی خۆیان نازانن. خەڵک تاکو ئێستا بۆیە دەنگ ئەدەن بەوان، چونکە خەڵک ئەوە ئەبینن وەزعیک کە ئەوان دروستیان کردووە، بەبێ ئەوان خراپتر ئەبێت.

بزووتنەوەی جیابوونەوەی کوردستان، ئەگەرچی لەباری ستراتیژی خۆی رووی لە وەڵامدانەوەیەی ئاسۆی چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستانە. بەڵام لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی وەک ڕێگری سەرەتاییترین ویست و داخوازی مافەکانی خەڵکی کوردستان. تا ئەو کاتەی چاوپۆشی لە داخوازی و بەرژەوەندیەکانی خەڵک ئەکەن لە پێناوی بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆیان.

## *پرسیار*4/ ئایا مانەوەی کوردستان لە نێو دوو فاکتۆی بەم شێوەیەی ئیستا هەیە چەندە کاریگەری دەبێت لەسەر گواستنەوەی ئەو نا ئارامیەی کە لە شارەکانی باشور و ناوەراست هەیە بۆ کوردستان؟

مانەوەی کوردستان لە وەزعیەتی ئێستای، چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەرەو خراپتر و ڕەشتر ئەبات. هەر ئێستاکەش سەرەتاکانی پەلکێشانی ئەو نائارامییە بۆ نێو کوردستان لە 2 مانگی ڕابردوو ئەبینین. هێشتنەوەی کوردستان بەو وەزعیەتە یانی ڕاگرتنی کوردستان بە مەیدانی شەڕی تائفی و دینی و فاشیستی.

## *پرسیار*5/لەسەر خەڵکی کوردستان پێویستە چی بکەن بۆ ئەوەی جارێکی تر پلە دوویی و سەرگەردانی و کیمیاباران و ئەنفالی دیکی دووبارە نەبێتەوە؟

بیگومان هەر کەسێک ئیدعا و بەرنامەیەکی هەبێت، خەڵک بانگەواز ئەکات بۆ پشتیوانی لە بەسەرکەوتن گەیاندنی بەدیلەکەی خۆی. بەڵام لێرەدا بانگەوازی من بۆ خەڵک پێش ئەوەی بانگەواز بێت بۆ پشتیوانی خەڵک لە بەدیل. بانگەوازە بۆ دور خستنەوەی مەترسی لەسەر ژیانی خەلک. لە هەمان کاتیشا ناکرێ بانگەوازی بینەر بکەیت بۆ یاری و نمایشێکی باش و جوان. چ بکرێ؟ ئاسۆیەکە بۆ ئەو کەسانەی ئەمڕۆ لە مەیداندان.

**ئێستا هەلومەرجی کوردستان زۆر گۆراوە، ناکرێ لەسەر دووبارە نەبوونەوەی کارەساتە مێژووییەکان بەرنامە بۆ ئالوگۆر و ژیانێکی باشتر و ئاینده دابنێیت. ئەوە دابڕانی خەلکە لە ئومێد و ئاینده. هەوڵ و تێکۆشانی زۆر جوان و باش لە نێو دڵی کۆمەڵگا هاتوونەتە دەرەوە. بەڵام ئاسۆی هەوڵەکان لە مەدار و بازنەکانی گەمەی نێو وەزعیەتی باوی کۆمەڵگای کوردستان ئەخولێتەوە. مانەوەی وەزعەکە بەم شێوە و وەزعەی ئێستا بەشێکی گەمەی دەسەڵاتە بۆ درێژکردنەوەی ژیانی خۆی.**

**کوردستان ئەمرۆ زیاتر لە هەر کاتێکیتر پێویستی بە بەرەیەکی فراوانی چەپ و مۆدێرنە بۆ ئالوگۆر. بەبێ هاتنە مەیدانی عەمەلی و دەخاڵەتی جددی بزووتنەوەی چەپ و مۆدێرنیزمی کوردستان، زۆربەی هەڵە جددی و جوان و باشەکان. زیاتر ئەکەونە ئاسمانی گەمەکانی دەسەڵاتی کوردی و خەریک بوون و نقوم بوون لە گۆمی شێلوی ئەوان. ئەوەش زیاتر خەڵک بەرەو نائومێدی زیاتر و پاسفیزم ئەبات.**

**بزوتنەوەی گەنجان بە سەربەخۆیی خۆی بزووتنەوەیەکی ئالوگۆر بەخشە، ئەو بزووتنەوەیە ئەتوانێ زۆرترین کاریگەری بخاتە سەر چارەنووسی کۆمەڵگا و تاکو ئێستاکەش لەدەروازەکانی گۆرانکاریەکان ئەدات. بزووتنەوەی دژی تووند و تیژی دژی ژنان و مافەکانی ژنان سەنگەرێکی بەهێزی بزوتنەوەی مەدەنی خەلکی کوردستانە. میدیا پێداویستیەکی جددیە و رۆڵێکی زۆر گرنگ ئەبینێت لەنێو ئەو هەلومەرجە، ئەگەرچی مێدیای کوردی خاوەنی چەندین کەناڵ و دەزگای مۆدێرنی باشە. بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانی گۆرانکاری زۆر پەراوێز خراون لە میدیای کوردی. لێک هەڵپێکانی تەواوی بزووتنەوە و لایەنە مەدەنییەکانی کۆمەڵگای کوردستان ئەتوانێ ئۆمێدێکی گەورە بۆ گۆڕانکاری بێنێتەوە گیانی سەرگەردانی و بێئومێدیەکانی خەڵکی کوردستان. بزووتنەوەی ریفراندۆم ئەتوانێ نێتۆرکی ئە بزوتنەوە واقیعی و عەمەلیانە بێت بۆ ئاسۆدارکردنی ژیان و چەرەنووسی خەڵکی کوردستان.**